



**كتـێبی " السياسـة الخارجيـة الأمريكيـة في الشـرق الأوسـط: دور جماعـات الضـغط والمجموعات ذات الاهتمامات الخاصة" تأليف: جانيس ج. تيرى، تعريب: حسان البستانى كتێبی "سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست: رۆڵی گروپـەكانی فشار و كۆمەڵە بەرژەوەندی خوازەكان".**

ئەم كتێبە لە نوسینی ژنـە نووسـەر (جانیس ج. تـیری)ە، بـاس لـە سیاسـەتی دەرەوەی ئـەمریكا دەكات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت. دوای پێشـەكیەك دەچـێتە نـاو بەشـەكانی كتێبەكە. لـە بەشـی یەكەمی كتێبەكە بە ناونیشانی (دەقی ئۆپێرا: دارشتنی سیاسەتی دەرەوە) باس لە دروستكردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا دەكات و پێی وایە پرۆسەیەكی ئاڵۆزە هاوشێوەی دەقی ئۆپێرا ( كە لـە مۆسـیقا و دەق و گـۆرانی بێـژ و شـانۆ و ئۆرێكسـترا و پرۆڤە....هتـد پێكـدێت). كـە چـەند لایـەنێك بەشـدارن لـە دارشـتنی سیاسـەتەكە، وەك دامـەزراوەی (سـەرۆك، وەزارەتـی دەرەوە، پنتاگۆن، CIA، كۆنگرێس، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی NCS). هەرچەنـدە لـە دوای جـەنگی دووەمـی جیهـان، رادەی بەشـداری كـۆنگرێس بەشـێوەیەكی گشـتی دابـەزیوە و رادەی دەستێوەردانی سەرۆك و راوێژكارە نزیكـەكانی زیـاد بـووە بـە تایبـەتیش ئەنجومـەنی ئاسایشی نەتەوەیی NCS. ئەم ئەنجومەنەش كە لە ئیدارەی ترومان دامەزرا، وەك گروپێكـی بچووك لـە

شارەزا زۆر بە ئەزموونەکان، کە ئەرکیان تەنها راوێژکاری سەرۆك بوو راستەوخۆ راپۆرتیان بەرز دەکردەوە بۆ سەرۆك. لە جەنگی ڤێتنامەوە 1955 تا جەنگی عێراق لە 2003، سەرۆکەکان و راوێژکارەکانیان هەوڵیاندا رۆڵی گەلی ئەمریکا لە کاروباری سیاسەتی دەرەوە دوور بخەنەوە، بۆیە لە زۆربەی حاڵەتەکان بە نهێنی کاریان کردووە لە میانەی دانووستانە نا ئاشکراکان.

سەرباری ئەو هەژموونە زۆرەی کە کۆنگرێس هەیەتی لە هەندێ بواری سەرەکیەوە وەك کۆمەکیە یارمەتیە دەرەکیەکان و بودجەی چەك، بەڵام کار گەیشتۆتە ئەوەی کەوا سەرۆك و راوێژکارەکانی پێیان وایە سیاسەتی دەرەوە تەنها لە سنووری دەسەڵاتی ئەوانە و لە تایبەتمەندی دەسەڵاتی ئەوانە و هەر ئەوانیش لایەنە بەشداربووەکانی دارِشتنی سیاسەتی دەرەوە دیاری دەکەن، بە کورتی ئەوانیش گروپێکی نوخبەی بچووکن سیاسەتی دەرەوە دادەرِێژن.

لە بەشی دووەمی کتێبەکە باس لە ئامرِازەکانی رِاگەیاندن و رِۆشنبیری خەڵك دەکات، پێی وایە کاریگەرییە راگەیاندنیەکان (وێنە زهنییەکان - الانطباع) لە رۆژهەڵاتی ناوەرِاست بە کۆمەڵێك ئامرِاز گوزارشتی لێکراوە وەك (هەواڵ، تەلەڤزیۆن، فیلمی سینەمایی، ئێزگە، گۆڤاری میللی، رۆژنامەی ئەکادیمی، پەرتووکی خوێندنی قوتابخانە، ئەنتەرنێت). کە گروپەکانی فشار و بەرژەوەندی بەردەوام ئەم کاریگەری و وێنە زهنیانەنیان بەکارهێناوە کە لە عەقڵ و ناخی خەڵك وێنەی بۆ کێشراوە و هەمیشە دووبارەی دەکەنەوە لە گشت قەیران و کێشەکان بۆ دروستکردنی رای گشتی و فشار دروستکردن لەسەر دارِێژەرانی سیاسەتی دەرەوە. هەر لەم بەشەدا نووسەر ئاماژە بە کتێبێکی نورمان دانیال دەکات کەوا ئەم گروپانەی فشار - لوبی جوولەکە- و تاکی ئەمریکی و رۆژئاوایی لە زهنی خۆیان وێنەی ئیسلامیان شێواندووە و وەسفی نێگەتیڤی ئیسلامی پێدەکەن و ئەمەش لە زهنی کلتوری رۆژئاوا چەسپاوە و بەشێکی جیانەکراوەیە لێی، وە ئەم وێنە زهنیە شێوێنراوانە بەرهەمی ئەوەن کە شیکاری بابەتیانە نەکراوە لە بارەی ئیسلام وبەردەوام ئەمەش دووبارە دەبێتەوە بە درێژایی سەردەمەکان هەر ئەوەشەوایکردووە کێشەکان زیاتر بن و بەردەوام بن لە رۆژهەڵاتی ناوەرِاست.

بەگشتی نووسەر پێی وایە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئەمریکا بۆ پاڵپشتی ئەو نوخبە رەسمیە تەرخان کراوە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دادەڕێژن نەك تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو بە تەواوی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

پاشان لە بەشی سێیەمی کتێبەکە نووسەر باس وێنە زهنی و هەڵوێستەکان دەکات وەك درێژە پێدەری بەشی دووەم، کە نووسەر پێی وایە بە هەمان شێوەی تاکی ئەمریکی و رۆژئاوایی کاریگەری وێنە زهنییەکان لەسەر کەسایەتیە سیاسییەکان و بڕیار داڕێژەرانیش هەیە، چونکە ئەوانیش بە دوور نین لە کەوتنە ژێر کاریگەری راگەیاندن و دروستکردنی وێنە زهنیە خەیاڵاوییەکان، بەڵام راددەی کاریگەری لەسەر سیاسییەکان مەترسیدارترە، چونکە وێنەزهنیەکان دەچنە بواری جێبەجێکردن و هەڵوێستەکانی لەسەر بنیاد دەنرێت.

نووسەر باس لە وتارێکی **رۆبرت کاپلان** دەکات کە **(ئەتلەنتیك مونثلي)** بلاوی کردەوە لە کتێبی **"تەعریب کراوەکان: چیرۆکی رۆمانسی نوخبەی ئەمریکی"**، کە لەم وتارەدا وەسفی وەزارەتی دەرەوە دەکات بەوەی دەیەوێت پەیوەندیەکانیان لەگەڵ جیهانی ئیسلامی/ عەرەبی ببەستن، وە **رۆبرت کاپلان** کۆمەڵێك دروشمی کۆنی ئەو دیبلۆماسیانەی بلاوکردۆتەوە کە بەعەرەبی قسە دەکەن و لە شێوەی "هەڵوێستی رۆمانسی" ئاماژەی پێداوە کە کەوتونەتە ژێر کاریگەری سادەیی جوانی بیابان لەگەڵ عەرەب دوای مانەوەیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. **رۆبرت کاپلان** پێی وایە عەرەب و ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ دروستکردوون خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن، چونکە هەمیشە ئەمریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل زیاتر رەچاو دەکات و بەشێوەیەکی عەقلانی و بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا کار دەکات.

**نووسەر پێی وایە کەوا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چوار ئامانجی سەرەکی هەیە:**

1- گەرەنتی بەردەوامێتی دەرهێنانی نەوت (ئاسایشی وزە) تاکو بە هەرزانترین نرخ دەستی بکەوێت.

2- باشگردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتە عەرەبیە دۆستەکان.

3- ڕێگریکردن لەوەی رۆژهەلآتی ناوەڕاست ببێتە شوێنی بایەخی هیچ دەوڵەتێکی زلهێزی تر، بە تایبەت روسیا.

4- پالْپشتی بەردەوامی مانەوەی ئیسرائیل.

هەروەها دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، جیهانگیری ئابووری هەموو دەوڵەتانی لە ناوچەکە زیاد کردووە و بەتایبەتی کردووە (خصخصة).

لە بەشی چوارەمی کتێبەکە نووسەر باس لە تەکنیکی گروپەکانی فشار و سەرچاوە داراییەکانیان دەکات. کە پێی وایە تاکەکان و گروپەکانی فشار لە ناوەندە رۆشنبیریە باوەکان کاریگەرییان هەیە و ئەم کاریگەرییە بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە داڕێژەرانی بڕیار و پاشان رازیکردنیان بە ئەنجامدانی چەند سیاسەتێکی پالْپشت بۆ بەرنامە تایبەتەکانیان، کە ئەمەش کێبڕکێیەکە لەسەر حیسابی پیشەسازییەکانی تر. لەبەرئەوە گروپە فشارەکانی بواری پیشەسازی لە واشنتۆن و تەواوی ناوچەکانی تر هەوڵ دەدەن کاریگەری بکەنە سەر سیاسەتی دەرەوە.

بە گوێرەی یاسای ئەمریکی گروپەکانی فشار تاك یان رێکخراون و ئەرکیان بریتیە لە کاریگەری خستنە سەر سەپاندنی یاسایەك یان هەڵوەشاندنەوەی، کە لە هەر دوو حاڵەتەکەش قازانجی ماددی دەکەن، چونکە بەرژەوەندی هەندێ لایەن جێبەجێ دەکات.

هەروەها بەرنامەی گروپەکانی فشار لە تاکەکان و گروپەکان بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان ئیدارە جیاوازەکان ناگۆڕێت. بە هەمان شێوە لە بارەی کاروباری رۆژهەلآتی ناوەڕاست لە ئیدارەی کۆمارییەکان بێت یان دیموکراتەکان ئەوا بۆچوونەکان و ئامانجەکانیان جێگیرە و ناگۆڕێت.

لە بەشی پێنجەمی کتێبەکە نووسەر باس لە حاڵەتی قوبرس دەکات کە دوای ئەوەی لە ژێر داگیرکاری بەریتانی بوو لە ساڵی 1925، توانی سەربەخۆیی خۆی بەدەست بهێنێت لە 1960 دوای ململانێیەکی توند لە نێوان قوبرسیە یۆنانیەکان و هێزە بەریتانیەکان. وە لە ترسی قوبرسیە یۆنانیەکان بە چوونە پاڵی یۆنان، قوبرسیە تورکەکان بەرەو لای بەریتانیەکان لاریان

**کردەوە کە لە زۆربەی کات بەرگری لێدەکردن وەك هاوسەنگی هێزێك لە رووبەڕوو بونەوەی داواکاری قوبرسیە یۆنانیەکان. ئەوە بوو لە لایەن هەر دوو لایەنەوە سەربەخۆیی قوبرس بە دەستهات لەسەر بنەمای گونجان لە ژێر سێبەری پارێزگاری بەریتانیا بۆ هەتا هەتایە بە بوونی دوو بنکەی سەربازی سەربەخۆ، ئەوە بوو لە 1960 پەیماننامەکە مۆر کرا لە لایەن بەریتانیا و یۆنان و تورکیا کە کار بکەن بە شێوەیەکی هاوبەش یان سەربەخۆ بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەر هەڕەشەیەك لەسەر دەستور.**

**لە دوای ئەوە مکاریۆس وەك یەکەم سەرۆکی ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە هەڵبژێردرا. دوای ئەوە لە ساڵی 1974 کودەتایەکی سەربازی روویدا لەلایەن ئەنجومەنی سەربازی لە یۆنان و قوبرسیە یۆنانیە رادیکاڵیەکان لە پاسەوانانی نیشتمانی قوبرسی جێبەجێیان کرد و مکاریۆس لە تیرۆر کردن رزگاری بوو رایکردە لەندەن و هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی کرد بۆ گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی قوبرس. دوای 5 رۆژ تورکیا چووە ناو دوورگەکە و پاڵپشت بە پەیماننامەکەی 1960، نزیکەی 40% خاکەکەی داگیر کرد. ئەوە بوو قوبرسیە یۆنانیەکان رایان کرد بۆ ئەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی یۆنان بوو. ئەوە بوو کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تێکڕایی دەنگ داوای لە هەموو دەوڵەتان کرد کە ڕێزی سەلامەتی و سەربەخۆیی خاکە یۆنانیەکە بگرن و مکاریۆس گەڕایەوە ولآت وەك سەرۆکی ولآت و تا لە 1977 مرد. وە هێزی پاراستنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر سنوور مانەوە، بەڵام تورکیا رەفزی کرد هێزی خۆی بکشێنێتەوە و بەمەش کێشەکە بە تەواوی چارەسەر نەبوو، ئەوە بوو لە 1975 (رۆوف دنکطاش ) سەرکردەی ترکە قوبرسیەکان سەربەخۆیی قوبرسی راگەیاند لەگەڵ تورکیا بە سیستمی فیدراڵی ( کە دواتر بۆوە کۆماری تورکیا بۆ باکووری قوبرس لە 1983) تورکیا تاکە دەوڵەت بوو دانی نا بەم دەوڵەتە گۆشەگیرە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.**

**سەرباری ئیدانە کردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ دەستێوەردانی تورکی، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا فۆرد و وەزیری دەرەوە کیسنجر لە ڕوانگەی جەنگی ساردەوە لە بابەتەکەیان دەڕوانی و بە پلەی یەکەم کاریان لەسەر مانەوەی تورکیا دەکرد لە ناتۆ، لەبەر پێگە جوگرافیە گرنگەکەی بۆ رووبەڕوو بوونەوەی سۆڤیەت.**

**لە بەشی شەشەمی کتێبەکە نووسەر باس لە هەوڵی حکوماتە عەرەبییەکان دەکات لە میانەی پەیوەندیە راسەوخۆکانیان لە رێگەی باڵیۆزخانەکانیان لە واشنتۆن بۆ کاریگەری خستنە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بەڵام شکستەکانیان رێگر بووە لەبەردەم تەواوی چالاکیەکانیان، چونکە هەمیشە سەرکردە عەرەبەکان لە دینامیکیەتی سیستمی سیاسی ئەمریکا تێنەگەیشتوون. لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهان سەرکردە عەرەبەکان پێیان وابوو کەوا فشار خستنە سەر ئەمریکا نا یاسایی بوو، بۆیە تەواوی هەوڵەکانیان لە کەناڵە دیبلۆماسیەکان کورت کرد بۆوە.**

**هەروەها دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی نەوت بە تایبەت سعودیە لە رێگەی کۆمپانیای ئارامکۆ و دامەزراوە نەوتیەکانی تر، هەوڵیان داوە تێروانینی لایەنەکان بگەیەننە واشنتۆن. هەرچی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبیە نەیتوانیوە فشاری وڵاتە عەرەبیەکان بگەیەنێتە ئەمریکا، ئەوەش بە هۆی ئەوەی نەیتوانیوە چوارچێوەیەك بۆ هەڵمەتە ئامانج دارێژراوەکان دابنێت کە ببێتە هۆی راکێشانی سەرنجی رای گشتی ئەمریکی و پاڵپشتی کردنیان. چونکە نەیانتوانیوە خوێندنەوە و دیراسەی مێژوو کلتوری ئەمریکا بکەن.**

**لە بەشی حەوتەمی کتێبەکە نووسەر باس لە لۆبی جولەکە دەکات لە ئەمریکا، کە پێی وایە هێزێکی فرە رەهەند و لایەنە لە بەرژەوەندی ئیسرائیل کار دەکات دژی موسڵمانان و عەرەب. وە لۆبی جولەکە پاڵپشتیەکی دارایی تەواوی ئیسرائیل دەکات بە ئاشکرا و بێ هیچ رێگریەك کە زیاتر پەیوەستە بە کاروباری رۆژهەلاتی ناوەراست.**

**باڵیۆزخانەی ئیسرائیل و قونسوڵەکانی لە واشنتۆن و تەواوی ئەمریکا هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری دەدەن تاکو بتوانن قوتابیان و هاولاتیانی ئیسرائیلی بەشداری بکەن لە کۆنگرەکان و بۆنە کۆمەلایەتیەکان.**

**لۆبی جولەکە 2.2% تاکو 2.5% ژمارەی دانیشتووانی ئەمریکا پێکدێنن، بەلام کاریگەرییان زۆر زیاترە لەسەر بریاری سیاسی.**

**هەروەها کۆنگرێس کۆمەکیەکی دارایی زۆری ئیسرائیل دەکات، هەرچەندە 75% دانیشتوانی گەلی ئەمریکی نارازین لەم کۆمەکە، لە حەفتاکانی سەدەی 20 کاتێك کۆنگرێس داهاتی**

ناوەخۆیی و کۆمەکی دارایی دەرەکی کەم دەکردەوە، بەلاٚم ڕێژەی کۆمەکی ئیسرائیل هەر لە زیاد بوون بوو بە ڕێژەی 8.7%.

لە بەشی هەشتەمی کتێبەکە نووسەر باس لە ئیدارەی **جیرالد فۆرد** (1974-1977) دەکات، کە لە سەرەتای ساڵی یەکەمی ئیدارەکەی راوێژی بیروڕای کەسانی شارەزای کرد لە بارەی رۆژهەلاٚتی ناوەڕاست، ئەوە بوو گەیشتە ئەوەی کەوا بە نهێنی نامە بۆ ئیسرائیل بنێردرێت لە 1976 کەوا دڵنیایی بدرێتە ئیسرائیل بەوەی ئەمریکا هیچ گۆڕانکارییەك لە سیاسەتی خۆی ناکات بەرامبەر ئیسرائیل.

هەر لەو ساڵە بەشێك لە جولەکە ئەمریکیەکان نارەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر فرۆشتنی فرۆکە بە مصر. ئەوە بوو کۆشکی سپی لە کاتی ئیدارەی **جیرالد فۆرد** چەندین جار پەیوەندی کرد بە ئیسرائیل لە بارەی ئەو کێشانەی جێگەی بایەخی ئیسرائیل و جولەکە ئەمریکیەکان بوون، ئەوە بوو کۆمەڵێك کۆمەکی دەرەکی ئیسرائیل کرا، هەروەها رێکخراوە جولەکە ئەمریکیەکان نارەزاییان دەربڕی لە بەرامبەر فرۆشتنی چەك بە هەر دەوڵەتێکی عەرەبی هەتا ئەگەر مەترسیش دروست نەکات لەسەر ئیسرائیل.

لە بەشی نۆیەمی کتێبەکە نووسەر باس لە هەڵمەتی بایکۆتکردنی عەرەب دەکات، لە کۆتایی 1945 وەك بەشێك لە خەباتی عەرەبی، کۆمکاری عەرەبی بایکۆتی بەرهەمە پیشەسازییەکانی یەهودی کرد لە فەلەستین، هەوڵیشی دا لە تەواوی ولاٚتانی عەرەبی بایکۆتی بکات. هەروەها لە دوای جەنگی 1948 دووبارە هەوڵی بایکۆتیان دایەوە و ئەمجارە ڕێگریان کرد لە هەر دەوڵەتێکی عەرەبی پەیوەندی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ ئیسرائیل بکات. هەروەها لیستی رەشی دەرکرد بۆ بایکۆت کردنی بەرهەمی ئەو کۆمپانیایانەش کە پەیوەندی بازرگانیان هەیە لەگەڵ ئیسرائیل. ئەوە بوو بایکۆتەکە تا رادەیەك سەرکەوتوو بوو بۆ فشار خستنە سەر هەندێ کۆمپانیا و دەوڵەتە ئەوروپیەکان، بەلاٚم لەسەر ئەمریکا کەم بوو چونکە بایکۆتەکە جولەکەکانی دەرەوەی ئیسرائیلی نەدەگرتەوە.

ئەوەبوو لۆبی جولەکە لە ئەمریکا دژی بایکۆتەکە وەستانەوە، لە ساڵی 1976 هاوکات لەگەڵ دەستپێکی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ناڕەزاییەکە گەیشتە ئاستێکی بەرز. ئەوەبوو دۆستەکانی ئیسرائیل لە ئەمریکا چوونە پاڵ لۆبی جولەکە دژی بایکۆتەکە و کاریگەری هەبوو لەسەر داڕشتنی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر پەیوەندیەکانیان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی.

لە بەشی دەیەمی کتێبەکە نووسەر باس لە ئیدارەی **جیمی کارتر** (1977-1981) دەکات، کە بە پاڵپشتی جولەکە هاتە سەر حوکم، چونکە پەیوەندیەکی پتەوی هەبوو لەگەڵ ئیسرائیل، وە بە ئاشکرا دژایەتی دروست بوونی دەوڵەتی فەلەستینی دەکرد. ئەوە بوو چەند یاسایەکی دەرکرد بۆ دژایەتی بایکۆتی عەرەبی بۆ بەرهەمە ئیسرائیلیەکان.
هەروەها باسی فرۆشتنی چەك بە دەوڵەتانی عەرەبی جارێکی تر سەری هەڵدایەوە، هەرچەندە ناڕەزاییەکی زۆر هەبوو لە لایەن لۆبی جولەکە لەسەر فرۆشتنی چەك بە سعودیە و وڵاتانی تری عەرەبی، بەڵام هەندێکی تر لە وەزارەتی بەرگری و پنتاگۆن پشتیوانی بابەتەکەیان کرد و ئەوە بوو تووشی کۆمەڵێك کۆسپ و تەگەرە بوونەوە بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی گەلی ئەمریکا و کۆنگرێس. وە لە میانەی دانووستان بۆ گەرەنتی ڕەزامەندی ئەنجوومەنی پیران لەسەر فرۆشتنی فڕۆکەی F15 و پەیوەندیەکانی سعودیە بە ئەندامە سەرەکیەکانی ئەنجومەنی پیران ئەوە بوو ئەنجومەن دەنگیدا لە بەرژەوەندی سعودیە بە فرۆشتنی چەك.

لە بەشی یانزەیەمی کتێبەکە نووسەر باس لە ئەوکات و داهاتوو دەکات، پێی وایە کاریگەری گروپەکانی فشار لە داڕشتنی بڕیاری سیاسی مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و ناتوانرێت بڕەکەی دیاری بکرێت. ئەگەرچی لۆبی یۆنانیە ئەمریکیەکان لە مەسەلەی قوبرس لۆبی جولەکەی لە پشتیوانی کردنی ئیسرائیل سەرکەوتنی بە دەست هێنا، بەڵام لۆبیەکانی تر ئەو سەرکەوتنەیان بە دەست نەهێنا. هەرچەندە لۆبی یۆنانیە ئەمریکیەکان توانیان پشتیوانی کۆنگرێس بە دەست بهێنن لە ڕێگریکردنی تورکیا لە بەکارهێنانی چەك و هەڵمەتی جولەکەکان لە بارەی بایکۆتی عەرەبی، بەڵام سەرکەوتنەکەیان ماوەیەکی کورت بوو. وە هۆکاری شکستەکەس بریتی بوو لە:

1- تورکیا توانای سیاسی هەبوو بۆ فشار خستنە سەر ئەمریکا و بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیان بە هۆی ئارەزووی ئەمریکا بە پارێزگاری کردن لە مانەوەی بنکەی سەربازی لەسەر خاکی تورکیا.

2- بڕیاری تورکیا لە بارەی داخستنی بنکەی سەربازی ئەمریکی بووە هۆی ئەوەی کۆشکی سپی و پنتاگۆن فشار بخەنە سەر کۆنگرێس بە وازهێنان لە ڕێگریکردنی بەکارهێنانی چەك.

3- دوای کپ بوونەوەی فشاری یۆنانیە ئەمریکیەکان، سەرکردەکانی لۆبی یۆنانیش وازیان لە بابەتەکە هێنا. بەوەش سەرکەوتنەکەیان کورت مەودا بوو.

بەلاّم بە پێچەوانەوە لۆبی جولەکە سوور بوون لەسەر پاڵپشتی ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی درێژ کە جەخت دەکەنەوە سەر بابەتێکی دیاریکراو کە کۆمەڵێك ئاستی حوکم لە خۆ بگرێت هەر لە کۆشکی سپیەوە تا کۆنگرێس و تا دەگاتە شار ویلایەتەکان. بەمەش ڕۆژ بە ڕۆژ کاریگەری لۆبی جولەکە زیاتر دەبێت لەسەر داڕشتنی بڕیاری سیاسی ئەمریکی.